# دیمانەیەک لەگەڵ یەڵماز گۆنای لەزیندان دا

(١-٢)



**نووسەری سینەمایی(بورهان شاوی) دەگێڕێتەوە دەڵێت: لەساڵی ١٩٨٧ کتێبێك بەناوی (یەڵماز گۆنای) لە نووسینی ڕۆژنامەنووسی ئازربێجانی (حوسینۆف ) لە دەزگای (ناوکا) لە مۆسکۆ بڵاو کرایەوە، بریتی بوو لەتەنیا دیمانەیەکی دووورودرێژ، لەگەڵ سینەماکاری بەناوبانگی کورد (یەڵماز گۆنای) لەو کاتەدا کە لەزیندان بووە،**

**ئەو کتێبە بڕوا پێکراوترین سەرچاوەیە کە دەربارەی یەڵماز گۆنای نووسرابێت، چونکە لە زاری هونەرمەند خۆیەوە وەرگیراوە.**

**بۆ دیکۆمینتکردنی بابەتەکە کە گرنگییەکی مێژوویی خۆی هەیە، ئێمەش بەشێك لەو دیمانەیە دەخەینە ڕوو:**

*** ناوی تەواوتان ؟**

- یەڵماز حەمید، دایکیشم ناوی ( ئۆغلو بیتۆن ) ە.

*** کەی و لە کوێ لەدایکبوویت؟**

- لە یەکی نیسانی ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی (ئینجە) بە دووری ٢٧ کم لە شاری ئەدەنە لەدایکبووم.

*** ئەی بۆچی هەندێك ساڵی لەدایکبوونتان بە ١٩٣١ لە قەڵەم دەدەن؟**

- ئەوانە بە هەڵە داچوون .

*** تکایە دەکرێت هەندێك دەربارەی منداڵیت و داهێنانەکانت قسەمان بۆ بکەیت؟**

- دایك و باوکی من هەردوکییان کوردن، دایکم لە بنەماڵەیەکی خوا پێداو بووە، بەڵام لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی و لەگەڵ هاتنی قەیسەرییەکان ڕایان کردووە، باوکم بە پێچەوانەی ئەو، لە بنەماڵەیەکی زۆر هەژار لە دایکبووە، لە هەرەتی لاویدا لەگەڵ دایکم یەکتریان خۆش ویستووە، لە ترسی کۆمەڵگەو داب و نەریتە کۆنەکانی ئەو کاتە، کە خۆشەویستییان بەلاوە گوناهێکی گەورە بووە، ئەو ناوە بە جێ دێڵن و لەگەڵ دایکم پەیمانی ئەوە بەیەك دەدەن، کە لە شاری ئەدەنە بەیەك بگەنەوە، ئیدی لەسەر ئەو پەیمانە لەوێ یەکتر دەبیننەوە و باوکم دایکم دەخوازێت، بەڵام چونکە زۆر دەستکورت و نەدار بوون، دوچاری زەحمەتییەکی زۆر بوونەتەوە، بەڵام دوایی هەلومەرجەکە بەشێوەیەکی دیکە دەسورێ و، باوکم لە کۆمپانیای دەربەگێکی گەورە کاری دەست دەکەوێت و لەوی کار دەکات، ئیدی ژیانیان بەرەو باشی دەچێت، من ئەو کاتە تا تەمەنم گەیشتبووە حەوت ساڵی، باوکم ژنێکی دیکەی هێنا.

منداڵیم پڕ بوو لە بەختەوەری، بەڵام دوای ئەو قۆناغە ژیانم لێ بوو بەدۆزەخ، چونکە باوکم لە بەرچاوی ئێمەو بۆ خاتری ژنە تازەکەی، زۆر دڵ ڕەقانە لە دایکمی دەدا و ئازاری دەدا، زۆر جارانیش ئێمەی بەو ناسکییەی خۆمانەوە بەدەر دەنا.






هەر کاتێ باوکم من و لەیلای خوشکم (کە دوو سالان لە من بچووك تر بوو) بەدەر دەنا، دەچووین لەژێر دارتووەکەی بەر ماڵمان دەخەوتین، بەڵام جارێکییان کە باوکم من و دایکم و لەیلای خوشکمی بەدەرنا، ڕوومان لەماڵی ئامۆزایەکی دایکم کرد لەئەدەنە، قەت ئەوەم بیر ناچێتەوە کە دایکم بەدرێژایی ئەو ڕۆژە تا گەیشتینە ئەدەنە، بەزمانی کوردی گۆرانییەکی غەریبی دەگوت و ئێمەش کە لە زمانی دایکم حاڵی نەدەبووین، بەڵام هۆن هۆن فرمێسکمان لەگەڵیدا هەڵدەڕشت، ئەو کاتە من درکم بەوە کرد کە ئەشکەنجەو ئازارەکانمان وا بەئاسانی کۆتاییان نایەت، بۆیە بەدەست خۆم نەبوو هەموو کات ئاواتی مردنم بۆ خۆم دەخواست .

ئیدی بەناچاری لەو تەمەنە ساوایەی خۆمەوە دەستم بەکار کرد، بەتایبەت لە وەرزی میوە و لۆکە ڕنین لە کێڵگەکاندا، تا دەگاتە کۆڵ هەڵگری، ئەو کاتە من هەم کارم دەکردو هەم دەمخوێند، هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییشم تەواو کرد، بەڵام هەموو کارێکیشم دەکرد، وەك تۆ فرۆشتن لە شەقامەکان و ڕۆژنامە پەخش کردن و بەقاڵی، دواتر ئامێرسازیی دەزگا سینەماییەکان، بەتایبەت کەلوپەلەکانی کۆمپانیای (ئەند فیلم) و (کەمال فیلم) ئەو ئامێرانەم گوند بەگوند دەگێڕا و فیلمی سینەماییم پیشانی خەڵکی دەدا، هەندێ جاریش دەوری کۆمبارسم لە هەندێ لە فیلمەکاندا دەبینی .

ئینجا یەڵماز بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: دەتوانم بڵێم من بەو شێوەیە هاتمە دنیای سینەما .

*** ئەی پاشان لە کوێ خوێندنت تەواو کرد؟**

- ساڵی ١٩٥٦ چوومە کۆلێژی ماف لە زانکۆی ئەنقەرە، بەڵام چونکە لەپاڵ خوێندندا هیچ کارێکم دەست نەکەوت، کە پێی بژیم، بۆیە بەناچاری دوای دوو مانگ زانکۆم بەجێ هێشت و ڕووم کردەوە ئەدەنە. لەوێ لەکۆمپانیایەکی بەکرێگرتنی فیلم دەست بە کار بووم، لەساڵی ١٩٥٧ چوومە ئەستەنبوڵ و لە کۆمپانیای (دەزگای فیلم) دەستم بەکار کردن کرد، ساڵی ١٩٥٨ یش چوومە کۆلێژی ئابووری لەزانکۆی ئەستەنبوڵ، بەڵام پێش ئەوەی خوێندن تەواو کەم لە ساڵی ١٩٦١بۆ یەکەمجار دەستگیر کرام .

*** ئەی چۆن گەڕایتەوە نێو نێوەندی هونەری ؟**

- پیش هەموو شتێ دەمەوێ ئەوە بڵێم کە من خۆم بەقەرزداری دایك و باوکم دەزانم، دەڵێم باوکم، چونکە ئەگەرچی ئەو پیاوێکی دڵ ڕەق بوو، بەڵام منداڵەکانی خۆی خۆش دەویست، بەتایبەت من، بە بیرمە زۆر جاران لەگەڵ دایکم بەیەکەوە گۆرانیی خەماویی کوردییان دەچڕی و دەردی غەریبیی خۆیان هەڵدەڕشت، جاروبارێکیش لەگەڵ گۆرانییەکان ئامێری سازی لێ دەدا، هەندێ جاریش کە دراوسێ و خزمەکانمان باوکمیان بۆ ئاهەنگی خەتەنەکردنی منداڵەکانییان بانگ دەکرد، باوکم منیشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، لەو کاتانەدا دڵم زۆر بەگۆرانییەکانی خۆش دەبوو.

دایکیشم زۆر جاران لە شەوانی دوور و درێژ و ساردوسڕی زستاناندا چیرۆکی خۆشی لە ئەفسانە و حیکایەتە خورافییەکان بۆ دەگێڕاینەوە، ئەو شەوانە ماڵمان پڕ دەبوو لەو دراوسێیانەی بۆ گوێ گرتن لەچیرۆکە بەتامو چێژەکانی دایکم شەوان دەهاتنە ماڵمان، ئەو کاتانە ئاواتی ئەوەم دەخواست، هەر هەموویان بنووسمەوە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەم نەبوو، بێجگە لەدایکم پیرەمێردێك بەناوی مام یەعقووب لە گوندەکەماندا هەبوو، دەنگی لە گۆرانیگوتندا زۆر خۆش بوو، زۆر بەجوانییش ئامێری سازی دەژەنی، جاروبار شیعریشی دەنووسی، زۆر بووبوو بەهاوڕێم و زۆر یەکترمان خۆش دەویست، ئەو فێری ئەوی کردم شیعر چۆن دەنووسرێ، بەڵام بۆ سینەما، من لەتەمەنی سیانزە ساڵییەوە هاتمە نێو دنیای سینەما، لەتەمەنی چواردە ساڵییەوە بوم بەئیش پێکەری ئامێری سینەماو پاشانیش ئەکتەری کۆمبارس، ئا بەم شێوەیە ژیانی من بەرەو ئاقارێکی دیکە ڕۆیشت .

**سەرچاوە: موقع ایلاف، بقلم د. هشام الراوی، نیسان ٢٠٢٠**

**قەت ئەوەم بیر ناچێتەوە کە دایکم بەدرێژایی ئەو ڕۆژە تا گەیشتینە ئەدەنە، بەزمانی کوردی گۆرانییەکی غەریبی دەگوت و ئێمەش کە لە زمانی دایکم حاڵی نەدەبووین، بەڵام هۆن هۆن فرمێسکمان لەگەڵیدا هەڵدەڕشت، ئەو کاتە من درکم بەوە کرد کە ئەشکەنجەو ئازارەکانمان وا بەئاسانی کۆتاییان نایەت**



**حەیدەر عەبدولڕەحمان**

# شاکیراش خۆی لە باج دزییەوە

دادوەرێکی ئیسپانی دەریخست کە بەڵگەی تەواو هەیە لەسەر ئەوەی خانمە گۆرانیبێژی کۆلۆمبی (شاکیرا) و هاوسەرەکەی (جیرارد پیکێی) یاریزانی یانەی بەرشەلۆنە، بۆ بەردەم دادگا بانگهێشت بکرێن، بە تۆمەتی خۆدزینەوە لە باج.

لەم بارەیەوە دادوەر کۆتایی بە چەند ڕێوشوێنێکی تایبەت هێناوە، بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەی دادگاییەکە، لەو تۆمەتانەی کە شاکیرا پێی تۆمەتبار کراوە بە نەدانی بڕی (١٤،٥) ملیۆن یۆرۆ وەک باج، لەسەر ئەو داهاتانەی دەستی کەوتووە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٤.»

لە بەڵگەنامە یاساییەکەدا هاتووە کە: بەڵگەکان هاوپێچ بە داوایەکی یاسایی بەرزکراونەتەوە، تایبەت بەو سەرپێچییانەی کە شاکیرا ئەنجامی داون، لەم ڕووەوە دادگا بەردەوام دەبێت لە کارەکانی خۆی.

داواکاری گشتی دەڵێت، لەو ماوەیەی کە لە داواکەدا هاتووە شاکیرا لە هەرێمی کەتەلۆنیا نیشتەجێ بووە، بەڵام نوێنەرێکی شاکیرا دەڵێت شاکیرا تەنیا لە ساڵی ٢٠١٥ لە کەتەلۆنیا نیشتەجێ بووە و، لەو ماوەیەشدا گشت ئەو پابەندبوونانەی تایبەتن بە بواری باج و دەکەونە ئەستۆی، بەپێی یاسا داویەتی، ئەوەشی دووپات کردۆتەوە کە بۆ یەکلاکردنەوەی کەیسەکە تیمی یاسایی شاکیرا بەردەوام دەبێت لە هەماهەنگی و هاوکاریکردنی دەزگا دادوەرییەکان.

سەرچاوە: https://www.mashahir.net/



# جۆرج کلۆنی هاوڕێکانی لەیاد ناکات

جۆرج کلۆنی یەکێکە لە ئەکتەرە سەرکەوتوو و ناسراوەکانی هۆڵیۆد، بەڵام ئەم سەرکەوتنەی کلۆنی تەنیا لەسەر شاشەکان نییە، بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە سەرکەوتووە و، بۆ هاوڕێکانی بە کەسێکی وەفادار ناسراوە.

ساڵی پار کلۆنی بڕی یەک ملیۆن دۆلاری بە ١٤ کەس لە هاوڕێ نزیکەکانی خۆی بەخشی، وەک هاوکاری، لەم بارەوە بە گۆڤاری (جی کیۆ)ی ڕاگەیاند، کە هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم کاتێ یارمەتی هاوڕێ کۆن و نزیکەکانم دەدەم، بەتایبەتی ئەوانەی بارودۆخیان لەبار نییە و پێویستیان پێی هەیە، چونکە ئەو هاوڕێیانە هەریەکەیان بە شێوازێک لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوودا یارمەتییان داوم، هەر بۆیە کلۆنی زیاتر دەڵێت: «پێموایە بەبێ ئەم هاوڕێیانە من نەدەگەیشتە ئەم ڕۆژەی ئێستا، ئەوان هاوڕێی زۆر نزیکی منن، بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە ئەگەر ڕۆژێک تووشی ڕوداوێکی هاتوچۆ ببم و گیان لە دەست بدەم، ئەو کاتە سەروەت و سامان سوودی نابێت و ناتوانم هیچیان بۆ بکەم، کە دڵی خۆم و ئەوانیش خۆش بکەم، بۆیە گوتم پێویست ناکات تا ئەو ڕۆژ بوەستم کە



# بەلقیس
# گەشتی میسری لێ قەدەغە دەکرێت

سەندیکا پیشە موزیکییەکانی وڵاتی میسر بڕیاریدا کە بەهۆی پێشێلکردنی یاساکانی سەندیکای ئەو وڵاتەوە، بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بە خانمە گۆرانیبێژی بە ڕەچەڵەك یەمەنی (بەڵقیس) نادات کە جارێکی دیکە لە میسر گۆرانی بڵێت.

ئەم بڕیارە بەلقیسی تووشی شۆك کرد، بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی بەرامبەر بە بڕیارەکە هەبێت.

سەندیکای ناوبراو لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: «بڕیارماندا کە بە هیچ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ گۆرانیبێژی یەمەنی بەلقیس نەکرێت و، لە داهاتووشدا هیچ ڕێگەپێدانێکی پێ نابەخشرێت، کە بتوانێت لە کۆماری میسر گۆرانی بڵێت و ئاهەنگ و کۆنسێرت ساز بکات، چونکە بێ ئەوەی ڕەزامەندیی هەبێت، ئاهەنگێکی لە یانەی جەلای سەربازی ئەنجام داوە، بۆ ئەم مەبەستەش گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان وەك چێشتخانە و هۆتێلەکان ئاگادار دەکرێنەوە کە نابێ چیتر مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.»

جێگای بیرخستنەوەیە کە بەلقیس بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند ڕامی سەبری ئاهەنگێکی لە یانەی جەلا ساز کردبوو، کە جەماوەرێکی زۆر ئامادەی ببووبوون.

**سەرچاوە:** /https://www.mashahir.net



تووشی ڕووداوی هاتوچۆ دەبم».

ئەو ئەستێرەیەی هۆلیۆد هەروەها دەڵێت: «تا ئەو ڕۆژەی ژیانی هاوسەرگیریم پێکنەهێنابوو و منداڵم نەبوو، تەنیا بیرم لەو هاوڕێیانە دەکردەوە و هەموو کاتەکانمان بە یەکەوە بەسەر دەبرد، ئێستاش کە ژیانم کامڵ بووە، باشترین کار کە بیکەم بریتییە لە یارمەتیدانی ئەو هاوڕێیانەم».

جۆرج کلۆنی لە ساڵی ٢٠١٤ ژیانی هاوسەریی لەگەڵ ئەمەل عەلەمەدینی لوبنانی پێکهێناوە و لە ساڵی ٢٠١٧ دوانەیەکیان بوو.

/https://www.aljarida.com

نەجوا کەرەم:

# کۆرۆنا تووشی دڵەڕاوکێی نەکردووم، بەڵام خۆپاراستنیش پێویستە



**سەرەتای ساڵی پار جیهان هەمووی ڕووبەڕووی ڕووداوێك بوو کە لەم سەردەمەدا نوێ و بێ وێنە بوو، ئەویش بریتی بوو لە کەرەنتینە بۆ خۆپاراستن و بڵاونەبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کە سەرتاسەری جیهانی گرتەوە و گشت چالاکییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، هونەری و وەرزشییەکانی پەك خست، بواری هونەری و بەتایبەتیش گۆرانیگوتن و گۆرانیبێژان زیاتر کاریگەر بوون بەم ڕێوشوێنانە.**

خانمە هونەرمەندی لوبنانی نەجوا کەرەم بە تەواوی پابەندی ڕێوشوێنەکان بوو، بەڵام تووشی ترس و دڵەڕاوکێ نەبووە، لەم بارەوە دەڵێت: «مەترسیی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەوەدایە کە زۆر خێرا بڵاو دەبێتەوە، منیش وەك هەر کەسێکی دیکە ڕۆژانی کەرەنتینەم لە ماڵەوە بە ئەنجامدانی چەند چالاکییەك بەسەر برد، بەڵام هیچ کاتێکیش تووشی ترس و دڵەڕاوکێ نەبووم، لەو ماوەیەدا زۆربەی کاتەکانم بە ئەنجامدانی وەرزش بەسەر برد و زۆریش لەگەڵ خانەوادەکەم لە باخچەی ماڵەکەم دادەنیشتم، چونکە پێموایە باخچە و سرووشت بە گشتی، باشترین چارەسەری ڕۆح و جەستەن».

ئەو خانمە هونەرمەندە سەبارەت بە چۆنێتیی خۆپاراستن لە کۆرۆنا دەڵێت: «من زیاتر بە خواردنی ئەو ڤیتامینانە خۆم دەپاراست، کە لە سەرەتای بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسەکە پزیشکان ئامۆژگارییان دەکرد، بەوەی بەرگریی جەستە بەهێز دەکەن، بەڵام تووشی ترس نەبووم و کۆرۆنا نەبوو بە کابوسێك بۆ من، چونکە پێویست ناکات لێی بترسین، بەڵام خۆپاراستن زۆر زەرورە.»

نەجوا تیشکی خستە سەر ڕۆژانی قەدەغەی هاتوچۆ و کەرەنتینە، بۆ ئەو مەبەستەش گوتی: «کاتێك شەقامەکانی بەیروت و وڵاتانی جیهانم دەبینی بە چۆڵی، بڕوای تەواوم بە فیلمە خەیاڵییەکان هات، کە جیهانیان بەو شێوەیە نیشان دەدا، بەڵام ئێمە ئەمەمان بە ڕاستی و لە واقعدا بینی، کە مرۆڤەکان بۆ پاراستنی ژیانیان ناتوانن لە ماڵی خۆیان بێنە دەرەوە، من وا هەست دەکەم کە جیهان ماندوو بووە و ئەم ڤایرۆسە هات بۆ ئەوەی هەندێك لە کردەوە قێزەونەکانی مرۆڤ ڕابگرێت، چونکە کاتی ئەوە هاتووە مرۆڤەکان خۆیان زەنگی مەترسی لێبدەن، پێویستە مرۆڤ بگاتە ئەو ڕاستییەی کە ناتوانرێت هیچ ڤایرۆسێك لەناو ببردرێت، ئەگەر مرۆڤەکان کردەوەکانی خۆیان باش نەکەن و بەرامبەر یەکتری ڕاستگۆ نەبن».



سەبارەت بە پڕپاگەندەکانی تووشبوونی بە کۆرۆنا، نەجوا کەرەم دەڵێت: «من لە سەرەتای بڵاو بوونەوەی ئەو پروپاگەندەیەوە بۆ ئەوانەی دڵیان لە لامە ڕامگەیاند، کە من زۆر باشم، کۆرۆنا نە منی بینیوە، نە بە نزیك ماڵەکەشمدا تێپەڕیوە، بۆیە وا باشترە هەواڵی سەرکەوتنەکانم بڵاوبکەنەوە، لە جیاتی ئەوەی خۆتان بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەیەکەوە سەرقاڵ بکەن کە ئەسڵ و ئەساسی نییە».

سەبارەت بە دۆخی لوبنان، بەتایبەتی کێشەی کۆبوونەوەی زبڵ و خاشاکی زۆر لە وڵاتە کە هۆکارە بۆ بڵاوبوونەوەی دەیان نەخۆشی و ناشیرینکردنی وێنەی لوبنان لە دەرەوە، نەجوا کەرەم بە گاڵتەجاڕییەوە گوتی: «چەندین ساڵە بە دەست ئەم گرفتەوە دەناڵێنین و گشت لوبنانییەکانی بێزار کردووە، بۆیە پێموایە ئێمە ئەوەندە زبڵ و خاشاکمان هەیە کە بە دڵنیاییەوە هەر بەکتریایەك ڕوو لە وڵاتەکەمان بکات، بەکتریاکە خۆی لەناو دەچێت».

لەلایەکی دیکەوە نەجوا کەرەم باسی لە هۆکاری جوانییەکەی و مانەوەی بە گەنجی کرد، لەوبارەشەوە گوتی: «نهێنیی جوانیی ڕاستەقینە و هێز و وزەی جەستەم بۆ خۆشەویستی دەگەڕێتەوە، کاتێك خۆشەویست بین، بوونمان تام و چێژی هەیە و، ئەو کات ژیانمان مانا و بەها زیاتری دەبێت، بە ڕۆح جوانتر و دەوڵەمەندتر دەبین، ئەمەش لە جوانیی ماددی و گشت جوانییە ساختەکانی دیکە گرنگترە».

نەجوا کە لە لیژنەی بەرنامەی (the ¬Voice SENIOR)ـە، دەربارەی بەرنامەکە دەڵێت: «ئەم بەرنامەیە هیوایەکی ڕاستەقینە بەو کەسانە دەبەخشێت کە بەشدارییان تێدا کردووە و، پەیامێك دەگەیەنێت کە بریتییە لەوەی، ئەگەر بەهرەکان درەنگیش دەرکەوتن و ئاشکرا بوون، ئەوا دەرفەتێك هەر دەبێت کە تواناکانیان پیشان بدەن، تەنانەت ئەگەر لە کاتێکیشدا بێت کە کەسانێك پێیانوایە زۆر دواکەوتووە، چونکە بەهرەی ڕاستەقینە تەمەنێکی دیاریکراوی نییە، ئەوانەی بەشدارییان کردووە ئەگەر بەهرەکانیان ڕاستەقینە نەبوایە، بەشدارییان نەدەکرد، ڕەنگە بارودۆخێکی تایبەتی ژیانیان لەبار نەبووبێت و هۆکارێك وای کردبێت کە دوا بکەون، بەڵام بێگومان ئەوان ئێستا دەتوانن بلیمەتیی خۆیان نیشان بدەن، بە پێشکەشکردنی ستایلی جۆراوجۆر و، هەر یەکەیان تایبەتمەندی و تامی خۆیان هەیە، بەجۆرێك کە هەندێك لە بەشداربووانی بەرنامەکە، مایەی سەرسووڕمان بوون بۆ لیژنەی ناوبژیوانان و، وایکرد هەڵبژاردنی باشترینیان کارێکی زۆر زەحمەت و سەخت بێت».

**سەرچاوە: الجزيرة، العربيه، الوطن**